کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
24-1-2007 17:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەڵی.. ئەوەی دانیی ژان بکات خەتای حکومەتە! ... بەهێز حوسێن

Bahez2006@hotmail. com



دەوڵەت یان حکومەت لەهەر جێگەیەکی دونیادابێت بەرپرسە لە بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی وردودرشتی کاروبارەکانی وڵات، لە پاراستنی سنوورەکانیەوە تا دەگات بە وێستگە ئەتۆمیەکان و ڕێگاوبان و قەڵەم و کتێبی قوتابخانەکان و شیری مناڵ و... هتد، هیچ پاساوێکیش نییە بۆ ئەوەی کە حکومەتێك بڵێت من حکومەتم بەڵام بەرپرسیارنیم لە ژیان و خۆراك و جێگەی نیشتەجێبوون و کاری هاوڵاتیان و هەندێك شت هەیە کە پەیوەندی بەهاوڵاتییەوە هەیە و حکومەت لێی بەرپرسیار نییە.

سەرلە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە 2007/1/21 لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی ڕادیۆی گەلی کوردستاندا کە تێیدا ڕاپۆرتی پەیامنێرانی ڕادیۆکەی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانەوە وەردەگرت، کاك ئازاد (یەکێك لە پێشکەشکارانی بەرنامەکە) پەیامنێری پێنجوێنی وەرگرت و پێی فەرموو دوا گۆڕانکارییەکانی پێنجوێن چین؟ پەیامنێرەکش باسی لە چەند ڕووداوێکی گرنگ کرد لە نێویاندا ئاگرگرتنی زیاتر لە دە کەس لە ماوەی هەفتەیەکدا لە مەرزی باشماخ و قوربانییەکانیش لەو کۆڵهەڵگرانەبوون کە بەنزین لە سنووری ئێرانەوە ئامدیو دەکەن، وتی: لەو قوربانیانە دوو مێردمناڵبوون کە بەهۆی ئەوەی لەکاتی بارکردنی بەنزیندا جلوبەرگیان تەڕبووە و دواتر ویستوویانە خۆیان لەبەر ئاگرێکدا گەرم بکەنەوە جەستەیان ئاگری گرتووە و سووتاون، خێرا کاك ئازادی پێشکەشکار قسەی پێ بڕی و وتی: ئینجا ئەمەش ئەکەن بەخەتای حکومەت؟ خەڵك خۆی ناوشیارە و بە جلوبەرگی بەنزیناویەوە دەچنە بەر ئاگر و دەسوتێن حکومەت بلێت چی؟ خۆ ئێستا وای لێهاتووە ئەوەی دانی یان سەری بێشێت دەڵێت خەتای حکومەتە!.

ئەمەم بیست و ڕادیۆکەم خامۆش کرد و بڕیاریشمدا چیتر گوی لەو ڕادیۆیە نەگرم، چونکە تێڕوانینی ئاوای بەرامبەر بە ڕووداوەکان هەیە و ئابەوجۆرەی کاك ئازاد قسە لەسەر تراژیدیایەکی لەوجۆرە دەکات و بەو لێدوانە نا مەنتیقیانە دەیەوێت بەرگری لە حکومەت بکات و بیەوێت خەڵك قایل بکات بەوەی کە حکومەت بەرپرسیارنییە لە سوتانی دوو مێرد مناڵ یان پێکداکێشانی ڕۆژانەی ئۆتۆمبیل و جەڵتەلێدانی ڕۆژانەی چەندان گەنج و دەرنەچوونی خوێندکاران و... هتد!

کاك ئازادی بێژەری ڕادیۆی گەلی کوردستان کە پەخشی بەرنامەکانی دەگاتە هەموو جیهان تێنەگەیشتووە لەوەی کە ئەسڵەن سووتەمەنی هێنان و دابەشکردنی بەسەر هاوڵاتیاندا ئەرکی ئەو حکومەتەیە کە ئەو کوێرانە دیفاعی لێدەکات، نەك مێردمناڵ و کۆڵهەڵگرەکانی مەرزی باشماخ! نازانێت ئەرکی حکومەتە چاودێری خێزان بکات و کارکردن بە مناڵ قەدەغە بکات و لەجیاتی مەیدانەکانی کار دەبێت مناڵان بخاتە بەرخوێندن و پەروەردەیان بکات!

چۆن حکومەت بەرپرس نییە لە سووتانی ئەو دوو مناڵە (کاك ئازاد) !؟ چۆن حکومەت بەرپرس نەکەین بەرامبەر بە سووتانی ژنان و سووتانی محەویلەی کارەبا و مەدخەری دەرمانی سلێمانی و وێستگەکانی کارەبا و سووتانی مینۆمێنتی هەڵەبجە و... هەموو سووتانەکانی تر؟

بەلامەوە سەیرە کە ئەو ڕادیۆیە پاش چەندان ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەو بەرنامەیە کەچی هێشتا درێژە بەو بەرنامەیە دەدات و هەمان بێژەر پێشکەشی دەکات و پۆزشێکیشی نەهێناوەتەوە! ئاخر ئەگەر میدیاکان و ڕۆژنامەنووسەکانی نموونەی ئەو بێژەرە بەڕێزە کە دڵنیام مووچەکەی چەندقاتی کرێی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆڵبەرەکانی مەرزەکانی کوردستان زیاترە ئاوا کوێرانە دیفاع لە خەڵك بکەن، ئیتر چۆن حکومەت خۆی دەخاتە بەر بەرپرسیارێتی دابینکردن و پاراستنی ژیانی هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە!؟.

بۆیە دەمەوێت بە کاك ئازاد و هەموو خەڵکیشی بڵێم کە بەڵێ ئەوەی سەری دێشێت خەتای حکومەتی تێدایە، چونکە یان ئەوەتا ئەو هاوڵاتییە بەدەست ناعەدالەتی حکومەتەوە سەری دێشێت یان بەدەست گەندەڵییە بی شومار و بی لێپرسینەوەکان یان ئەوەتا ژینگەیەکی پڕ تەندروستی بۆ هاوڵاتییەکانی دابین نەکردووە، ئەوەشی ددانی دێشێت هەر خەتای حکومەتە

چونکە یان ئەوەتا حکومەت نەیتوانیوە چاودێری تەندروستی بکات یان حکومەت نەیتوانیوە ئەوەندە وشیاری تەندروستی بداتە هاوڵاتییەکانی کە شیرینی زۆر نەخۆن و شەوانە ددانەکانیان بشۆن!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.